# مردنیش دەکرێتە بابەتی ڕێکلام

ئەمجەد شاکەلی

پێش چەند ڕۆژێک هەواڵی کۆچیدوایی ڕەوانشاد "فەتاح خانی سەیفی قازی"، کوڕی شەهید"موحەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی، وەزیری جەنگ لە کۆماری مەهاباددا"، بڵاو بووەوە. وەک باوە، فەتاح خان، بە هۆی پێکدادانی ئۆتۆمبیلەوە لە بازێڕی مەهاباد، گیانی لە دەست داوە. ئەم هەواڵە لە چەند شوێنێک لە میدیای کوردستاندا بڵاوکرایەوە. ڕۆژنامەی"الاتحاد"ی عەرەبی زمانی، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە بەغدا دەردەچێت، ئەو هەواڵەی وەک ڕێکلامێک بڵاو کردووەتەوە، کە بێگومان بۆ بڵاوکردنەوەیشی، دوور لە گیانی فەتاح خان و بنەماڵەی بەڕێزی قازی، ڕێک وەک بزربوونی ناسنامە، پاسپۆرت یا مۆڵەتی ئاژۆتنی ئۆتۆمبیل و وەک هەر ڕێکلامێکی دیکەی شامپۆ و ئاڵتوونسا و برنجی بەسمەتی و مۆبایلی ئاسیاسێل و...پارە وەرگیراوە و ڕێکوپەوان لە سەرەوەی هەواڵەکەیش نووسراوە: بابەتی ڕێکلام![1] ڕەنگە " الاتحاد " و حیزبەکەیشی، کە لە پشتییەوەیە، بۆ نەڕەنجاندن و نەئێشاندنی دڵی دەسەڵاتدارانی هاوسێیەکانی ڕۆژهەڵاتیان، ئەو هەواڵەیان بەو جۆرە پەخش کردبێتەوە. هەرچۆنێک بێت واپێدەچێت ئێستا ئیدی مێژوو و کەسایەتی و مرۆڤ و هەموو شتێکی کورد و کوردستان لەکن دەسەڵاتدارانی کوردستان، تەنێ بە پارەوپووڵ دەنرخێندرێن و دەشێ وەک هەر کاڵایەکی دیکە بخرێنە بازاڕەوە!.


مادة اعلانية

( نعــي )

بمزيد من الاسى والحزن تعلن قبيلة الجاف وفاة المغفور له

(فتاح خان سيف قاضي)

نجـل الشـهيد الخالـد (محمد حسـين سـيف قاضي) (وزير الحرب في جمهورية مهاباد) اثر حادث مؤسف في مدينة مهاباد في ايران.

نعزي انفسنا واسرة قاضي بهذا المصاب الاليم وندعو مـن الله عز وجل ان يدخله فسـيح جناته ويلهم اهله وذويه ومحبيه الصبر والسلوان.

انا لله وانا اليه راجعون

عن اسرة بكزاده الجاف
داود سرادارييك الجاف

2005-10-31

[1] الاتحاد، العدد 1146، الاحد 2005/10/30.